

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**حیزب و رێکخراوەکان کۆردستان**
**جەماوەری کوردستان**

**نووسینی : کەیوان سەنایی**

ئەم بابەتەی خوارەوە کە دەکەویتە بەر سەرەنجی ئیوەی بەریز حەقیقەتیکە کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردودا لە ژیانی مندا رووی‌داوە.
بە هوی دریژبوونی رووداوەکە لە چەند بەشدا نووسیومە، کە بەشی یەکەمی لیرەدا هاتووە. هیوادارم کە ئەم بابەتە بە گویَ دەسەلاتدارانی هەریمی کوردستان بگات و ئەوان ئیجازە نەدەن کە گروپیک یا شەخسیک بەتایبەت لە ژیر سیبەری ئەم حکومەتەدا و بەکلک وەرگرتن لە ئیمکانات گەلیک کە لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە لە ئەختیاری ئەوان دانراوە کەڵکی هەرەشە و دەسبڕی و کار و مامەڵەی خیلافی لی‌بکەن.
من کەیوان سەنایی لە دایک بووی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کۆردستان کە ئیستە دانیشتووی وەلاتی هولەندم. لە ساڵی ١٩٩٠ زایینی‌دا وەک هەڵسوۆراویکی کۆمەڵە دەستم بە چەلاکی سیاسی کرد و لە سالی ١٩٩١ دا بە ریزی ریکخراوی ئاشکرای کۆمەڵە پەیوەس بووم. و تا ساڵی ١٩٩٥ لە بەشە جوراوجورەکانی ئەم ریکخراوەدا کارو فەعالیەتی خۆم کرد. پاشان بەهویَ گرفتی شەخسیەوە لە کوتایی ٩٥ دا لە کۆمەڵە هاتمەدەرەوە و لە تەریقی وەلاتی تورکیەوە خۆم گەیاندە وەڵاتی هولەند. لە هولەندا دوای فێربوونی زبانی هولەندی و تێپەرکردنی دەورەیەکی کومپیوتر لە یەکیک لە نەخوشخانەکانی شاری لاها (Den Haag) ئیستخدام بووم. من بریارم دا هاوکات لە گەڵ کارکردندا دریژە بە خۆیندن بدەم. من دوای چەندسال کارکردن لە نەخوشخانە توانیم برومە زانکو و لە رشتەی دلخوازی خۆمدا رەشتەی کومپیوتر ( Informatica)تەواو کرد. من لەوماوەدا پیوەندیم بە کومەلەوە هەبوو و وەک کادریکی چالاکی ئەم ریکخراوە لە وەڵاتی هولەند هەلسوۆرانی سیاسیم دەکرد. لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ زایینیدا دوای دەرچونم لەزانکو بریارمدا بۆ هەمیشە بگەریمەوە بۆ کۆردستانی باشوورو لە ویَ نیشتەجیَبم. بۆ ئامادەکردنی ئەم گرانەوەم، بریار وابوو لە پێشدا بچمەوە کۆردستان و بتوانم لەویَ سەرمایەگوزاری کەم و ئەگەر لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووم، ئینجا بۆ هەمیشە بگەریمەوە بۆ کۆردستان. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە من لە هولەند کار و ئیشی رەسمیم هەبوو، توانیبووم پریکی زور قەرزیی بانکی بە بەهرەوە لە بانک وەربگرم و کەمێکیش پووڵی ۆپاشەکەوتی ئەم دوازدە سالە نیشتەجیَ بوونم لە هولەندا هەبوو.

**سەفرو گەرانەوەم بۆ کۆردستانی باشوور لە سالی ٢٠٠٦دا.**
لە مانگی ئوگوستی ٢٠٠٦دا من گرامەوە و بەوهوێیەوە ئەندامی کۆمەڵە بووم چوومە مقەری کۆمەڵە لە زرگویزەلە. من لەم سەفرەدا پری €٥٥٠٠٠ یوورو کە هەموی ئەسکنەناسی €٥٠٠ یوورویی بوو و لە بانکی Postbank هولەندا هینابووم. هەروەک ئەوە کە لە پێشدا ئیشارم پێکرد ئەم پووڵە برێکی پاشەکەوتی ١٢ ساڵ کارم بوو و بەشیکی‌تری قەرزی بانک بوو. من با ماوەی چوار حووتوو لە مقەری زرگویزەلە بووم. و لەوماوەدا میوانی کا نەجمەی گوڵپەروەر ئەندامی دەفتری سیاسی بووم. من مەبەستی سەفەرەکەم بۆ

کۆردستان بۆ ئەو باسکرد و لە گەل ئەودا راوێژم کرد کە چۆن دەتوانم زەمینەی گەرانەوەم بۆ کۆردستان فەراهەم کەم.
دوای لێکولینەوەیەکی زۆر تێگەیشتم کە من بە هوێ ئەوەوە کە تابیعەتی خارجیم هەیە و پاسپورت و پیناسەی عێراقیم نییە کاریکم پێ ناکریت. چگە لەوە کە لە کۆردستاندا داوای پاسپورت بکەم و ئەوەش یەک سالێ دەخایانت. و ئەگەری ئەوەش بو کە جوابی داخوازی پاسپورتەکەم ئەرینی (موسبەت) نەبیت. بەم جورە لە بریاری دەسمایەگۆزاری و گەرانەوەی هەتاهەتایی پاشگەز بوومەوە.
لە ماوەی مانەوەم لە کۆردستان جەنابی موهتەدی لە لایەن کا نەجمەوە ئاگادار کرابوو کە من پرێکی زۆر پوولێ و پارەم پێیە. ئەو لە گەل مندا پیوەندی گرت و وتی کە بەو پوولە پێویستی هەیە. من جوابیکی قەتعیم پێنەدایەوە و وتم مومکینە ئەو مەسئەلەیەی لە بیر چووبیتەوە. لەوە کاتەدا ئەو بە هوێ هەندێ کاروباری شەخسیەوە لە دەرەوی ئوردوگای کۆمەلە بوو.
من بەوە دلێ خوش بووم بەلکو ئەو مەسئەلەیەی لە بیر چووبیتەوە. بەلام بە پیچەوانە لە یادمە کە یەکیک لەو رۆژانەدا کە لەوی نیشتەجێ بووم و سەرباری ئەوە کە بۆ هوێیەوەکە باسمکرد ئەو ئەوکات لە دەرەوەی ئوردوگای کۆمەلە بوو، سێ جار بە تەلفوون پێوەندی پێوەگرتم و وتی کە پوولەکەم بوو بەچی؟ چ‌کاتیک دەتوانی دانیشینی و پێکەوە قسەوباس کەین.
یەک رۆژ پیش گەرانەوەم بۆ هولەند، ئەو گرایەوە بوو زرگویزەلە و بە منی وت شەو وەرە بۆ مەنزلی من. شەو لە گەل کا نەجمە چووینە مالی ئەو و جەنابی موهتەدی لە پشت مێزی سکرتیریکەی دانیشتبو و من و کا نەجمەش لە سەر موبلێک دانیشتین. ئەو وتی کەیوان من بەم پوولە پێویستیم هەیە. و شەخسەن بەلێنت پیئەدەم کە پوولەکەت لە کاتی خۆیدا بدەمەوە. بۆ چی ئەو بەم پوولە نیازی هەبۆ من نازانم. من هوییەکەیم نپرسی. من وتم کا عەبدوللا بەشیکی زوری ئەم پوولە هین بانکە و من دەبیت مانگانە بەهرەی ئەم وامە بدەمەوە. ئەو وتی تو نیگەران مەبە تو ئەم پوولەت بە من داوە من بەهرەکەی دەدەمەوە و کاریک دەکەم کە توش رازی بیت و ئەم پوولە کە تو داوتە بە من کامیلەن لە ئەماندایە.
جەنابی موهتەدی بە قەلەمی خوێ رێکەوتننامەی‌کی یەک وەرەقەیی نووسی کە کوپی ئەم رێکەوتننامەیە وەک پاشکوی ئەم نامەیە لە بەر چاویی ئیوە خوێنەری بەرێز دایە. رێکەوتننامەکە لە لایەن من و کا عەبدوللاوە وەک دو لایەنی ئەسلی و کا نەجمە گولپەروەر وەک شایەتحال ئیمزا کرا.
پییێویستە بەلیم من لە سالی ۱۹۹۰ کە لە ریزی کۆمەلەدا هەلسوورانی خۆم دەس‌پێکرد ئەوم (کا عەبدوللام) دەناسی و هیچ گومانم نەبوو کە ئەو هەر چۆنیک بیت لە کاتی خۆیدا پوولەکەم ئەداتەوە و بەو بوونەوە کە ئەو رووی لە من خستبوو نەم توانی جوابی رەت بە داخوازەکەی بدەمەوە.
من ئەم برە پوولەیەم کە بەرهەمی کارو زەحمەت و قەرزی بانک بوو دامە دەستی ئەوەوە و روژی دوایی بەرەو هولەند گەرامەوە.
ما ز یاران چشم یاری داشتیم. خود غلط بود آنچه می پنداشتیم

کەیوان سەنایی

Kay_s7ە@yahoo.com

Den Haag Nederlands
۰۰31 ۶۱۶۵۰۵۰۶۲

ڕێککەوتننامە

لە ڕێکەوتی ٢٥/٨/٢٠٠٦ دا، کاک کەیوان سەنایی (کیوان ثنایی)، دانیشتووی هۆڵەند، بڕی ٥٥٬٠٠٠ € (پەنجاو پێنج هەزار یورۆ)ی سپاردە دەست من، عەبدوڵڵا موهتەدی، لە سەر ئەوەش ڕێک کەوتین کە ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١ ئەو پارەیە لەگەڵ خێرەکەی کە مەبلەغی ثابتی ١٠٬٠٠٠ € (دە هەزار یورۆ) بۆ دادەنێین بدرێتەوە بە کاک کەیوان، یانی لە سەرەتای مانگی سێپتامبری ساڵی ٢٠٠٧ دا سەرجەم بڕی ٦٥٬٠٠٠ € تەحویل بە کاک کەیوان بدرێتەوە.

ئەم ڕێککەوتنە لە نێوان کاک کیوان ثنایی، وەکوو خاوەنی سەرمایەکە، و عبدالله مهتدی وەکوو نوێنەری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و بە حوزووری کاک نجمە گلپور لە کۆمیتەی دارایی بە ئیمزا گەیشت.

نجمه گلپور

کیوان ثنایی

٢٥/٨/٢٠٠٦

ع. ا

